## قۆناغەکانی شیعری منداڵانی کورد

ئەو ئەدەبە لە سەرەتاوە لە شیعرەوە دەستی پێکردووە ، شیعرەکەش تا بە تەواوی خۆی مشتوماڵ داوە بووە بە شیعری ڕاستەقینەی منداڵان بەم قۆناغانەی خوارەوەدا تێپەڕبووە .

1 - شیعری فێرکردن

2 - شیعر لە منداڵانەوە

3 - شیعری تایبەت بە منداڵان

## ١ – شیعری فێرکردن

شیعری فێرکردن ئەو جۆرە هۆنراوەیە کە بۆ فێرکردنی شتێ بەکارهاتووە نەک بۆ هەست و سۆز بزواندن و تاودانی ویژدان .

وەک لەو پێناسەدا دەردەکەوێ مەبەست لەو جۆرە هۆنراوەدا ئاوەدانکردنەوەی هەست و سۆز و دڵ و دەروون نییە کە مەبەستی سەرەکی شیعرە ، بەڵکو ئەو هۆنراوەیە وەک ئامێرێک بەکارهاتووە بۆ زانینی ئەو شتەی کە باسی دەکات .

## أ – ( نەوبەهار ) ی ئەحمەد خانی ( ١٦٥٠ – ١٧٠٦ )

ئەم زانایە سێ سەدە لەمەوبەر ژیاوە .. ئەحمەدی خانی خۆی نەوبەهاری ناو ناوە ( نەوبەهارا بچووکەکان ) کە " لە سێزدە پارچەدا ڕێکخراوە و سەرجەمی هەموو پارچەکان ( ٢٠١ ) دوو سەد و یەک بەیت هۆنراوەن " .

ئەحمەدی خانی ئەو کۆمەڵە هۆنراوەی بۆ فێرکردنی منداڵانی کورد داناون نەک بۆ گەورە کەسان .

هەر جۆر بێ نیازی ئەحمەدی خانی لە دانانی نەوبەهاردا بەهێزکردنی عەرەبییەکەی ئەو منداڵە کوردانە بووە کە بۆ خوێندنی زمانی عەرەبی و قورئان دەچوونە حوجرە .

زمانە کوردییەکە زمانی ئاخاوتنی قوتابیانی حوجرە بووە و زانراوە بەڵام زمانی عەرەبی پێڕەوی حوجرە بووە و نەزانراوە ، هەمیشە نەزانراو بە شتی زانراو ڕووندەکرێتەوە ، کەواتە لێرەدا زمانە کوردییەکە ( هۆی ڕوونکردنەوە ) بووە ، هۆی ڕوونکردنەوەش لە فێرکردندا مەبەست نییە ، ئەوەندە نەبێ کە یارمەتی فێربوون و فێرکردن دەدا .

به هۆی خوێندنی نەوبەهارە قوتابییان فێری وشەگەلێکی عەرەبی دەبوون و زمانیشیان بۆ خوێندنەوەی کوردی رادەهات ، ( نەوبەهارا بچووکان ) ی ئەحمەدی خانی ، بە یەکەم نووسینی نیمچە کوردی بۆ منداڵان لە کوردستاندا دەدرێتە قەڵەم کە سەرەتایەکی بۆ ( ئەدەبی منداڵانی کورد ) دروست کردووە ،

## ئەمە چەند بەیتێکی پێشەکییەکەی نەوبەهارە :

" ڤێک ئێخستن ئەحمەدی خانی

ناڤی نەوبەهارا بچووکان لێ دانی

نە ژ بۆ. صاحیبی رەواجان

بەلکە ژ بۆ بچووکێت کردمانجان "

## ب / ئەحمەدی

ئەحمەدی لە – ( ٣٦٥ ) بەیتی هۆنراوەی فێرکردن پێک هاتووە دانەرەکەی ( شێخ مارفی نۆدی – ١٧٥٢ – ١٧٥٣) ە بۆ ئەوە دایناوە کە ( ئەحمەدی کوڕی ) کە لە دواییدا بە ( کاک ئەحمەدی شێخ ) ناسرا ، فێری زمانی عەرەبی ببێ ، نەک بۆ ئەوەی کوردی فێر ببێ !.

هەر جۆر بێ ئەمیش وەک نەوبەهار لە حەزوو ئارەزووی منداڵانەوە دوورە ، وشەی ناقوڵاو بەکارنەهاتووی عەرەبی وەهای تێدا بەکارهاتووە ، نەک منداڵان گەورە کەسانیش بێزار دەکەن .. بەڵام بۆ سەردەمی خۆی کارێکی لەباربووە ،

## ئەمە چەند بەیتێکە لە ئەحمەدی :

" ( راس ) سەرە ( عین ) چاوە

( بدن ) قالب ( اسم ) ناوە

( انف ) لووتە ( حاجب ) برۆ

( فخذ ) رانە ( رکبە ) ئەژنۆ

سەیرکەن ( ئەحمەدی ) وەک ( نەوبەهار ) وشە کووردییەکانی کردووە بە ( هۆی روونکردنەوە ) بۆ مانای وشە عەرەبییەکان .

## پ / رۆڵە بزانی

رۆڵە بزانی : واتە رۆڵە بزانە .. نامیلکەیەکە بە زاری گۆرانی ( هەورامی ) . ( مەلا خدری رواری – ١٧٢١ – ١٧٨١ ) بۆ زارۆکانی کورد دایناوە ، بۆ ئەوەی فێری بیر و باوەڕی ( ئەسڵ و فروعی ) دینی ئیسلامی ببن ، لە سەرەتاوە بەم بەیتانە دەست پێ دەکات :

" رۆڵە بزانی ، رۆڵە بزانی

فەرزەن وەرجەگشت مەبۆ بزانی

اصڵ و فەرع و دین چەنی ئەرکانی

چەنی ئەحکامان پەی موسڵمانی "

نامیلکەکە نزیکەی ( ١٠٤ ) بەیتەو بە زمانێکی سفت و پاراو هۆنراوەکانی داڕێژراون .

هۆنراوەی فێرکردن بۆ ئەندێشە بزواندن و سۆز و دڵ و دەروون ئاوەدان کەرەوە نین ، بەڵکو ئەمانیش بەکارهاتوون بۆ فێرکردنی بنەماکانی ئاینی ئیسلام بۆ ئەسڵ و فەرعی دین و فێربوونی نوێژ و ناسینی رەگ و رەچەڵەکی پێغەمبەری موسڵمانان ..

هۆنراوەکانی گەلێ چێژ بەخشن و بە کوردییەکی پەتین داڕێژراون ، مەلا خدری رواری هەرچەند بەوکارەی منداڵانی کوردی لە بواری ئەدەبدا بەسەرکردووەتەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا کارێکی قورس و نا خۆماڵی خستووەتە سەرشانیان ، چونکە فێرکردنی ( اصل و فروع ) و بنەماکانی ئیسلام و لەبەرکردنی رەچەڵەکی پێغەمبەر تا دەگاتە سەر ئادەم کارێکی وەها نییە منداڵ بە ئاسانی بتوانێ خۆی بخاتە ژێر ئەوبارە قورسەوە ..

رۆڵە بزانی هەرچەند بۆ منداڵان نووسراوەتەوە لە حوجرە و سۆختەخانەکانی دەڤەری هەوراماندا پاش خەتم کردنی قورئان وەک ئەحمەدی و نەوبەهار دەخوێنراو لەبەر دەکرا ..

## ٢- شیعر له منداڵانەوە : نموونەی یەکەم

گەلێ لە شاعیرە کۆنەکانمان شیعریان لە منداڵانەوە نووسیووە واتە بۆ وریاکردنەوەی گەورە کەسانی کۆمەڵ بە شیعر وتن بۆ منداڵان ئەو کارەیان ئەنجام داوە ، یەکێک لەوانە مەلا محەمەدی کۆیی ( ٨٧٦ – ١٩٤٣ ) یە .

کە دەڵێ :

ئەوەڵ چشتێ دەچتە گوێی منداڵ لە ناو لانکێ

گەر چـــاکە و گەر خـــراپە لای لایەی دایکێ

لای لای رۆحەکەم بە ڕۆح خـــزمەتت دەکەم

تا خــزمەتی مەفتەن کەی بە ئازادی و چاپکێ "

مەلای گەورەی کۆیە بەو ( لای لایەی دایک ) ەی ئەهلی فیکر و گەورە کەسانی ناو کۆمەڵ تێ دەگەیەنێ کە ئەگەر دەیانەوێ دواڕۆژی خۆیان و منداڵەکانیان دابین بکەن و ( لە مەفتەنی خۆیاندا ژیان بەرنەسەر ) با منداڵەکانیان بە ئاوازی جوان و شتی بایەخداری خۆماڵی بلاوێننەوە گوێچکەیان پڕ بکەن ، دیارە ئەو لەوە بووە کە سەرەتای پەروەردەی منداڵان لە لای لایەی دایکەوە سەرچاوە دەگرێ .

### نموونەی دووەم :

ئەم جۆرە هۆنراوەش هەمدیسان دەچنە خانەی شیعری ( شیعر لە منداڵانەوە )

**أ / دوانزە وانەکەی عەبدوڵڵا پەشێو :**

کە دەڵێ :

" منداڵەکان ئەی بێ لانە ژین تاڵەکان
ئێوەزەلکاو دەشڵەقێنن

ئێوە ئەو بوومەلەرزەن
سبەی کانی دەتەقێنن

ئێوە .. سبەی سنووری
دەستکرد دەشکێنن "

پەشێو لە دوانزە وانەکەیدا ، لە دوانزە کەسان ، و ڕسەو پێی وایە لێی تێ ناگەن و لە ئاست ڕاستیەکاندا کەڕن ، بۆیە پەنا دەباتە بەر منداڵان ، وەک مامۆستایەک ئەو نامەیە کە دەیەوێ بیگەیەنێ دەیکاتە وانە و لەڕێگەی ئەوانەوە بە کۆمەڵی دەگەیەنێ ، ئاواتەکانی لەواندا دێنێتە دی و پێیان دەڵێ :

ڕێگەی سەرفرازی و دەرباز بوون لە زیلەت و نەهامەتی ، دۆزینەوەی پێڕەوو بەرنامەیەکی نوێیە ، منداڵان چرای هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی نوێن و خۆ لادەری ئەو کوێرە ڕێیەن کە بەرەو هەڵدێر دەڕوات ..

زۆرینەی شاعیرەکانمان منداڵانیان بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانیان کردووە دەستە بەر یان سەنگەر ئیتر چ بە ئامۆژگاری کەسوکاریان بێ بۆ ئەوەی لە پەروەردەکردندا ئاگایان لە منداڵەکانیان بێ ، یان بۆ تێگەیاندنی ڕاستەوخۆی منداڵان بێ کە ئەوان ئاواتی ئایندەو دواڕۆژی نەتەوەکەیانن ، یان بە ئامۆژگاری ڕاستەوخۆی منداڵان بێ ، وەلێ بەڕێگەی شیعری گەورەکەسانەوە ، شاعیر لەو جۆرە شیعرانەدا وەک مامۆستایەک وەهایە کەوانەی ئادگار بە قوتابییەکانی بڵێتەوە و فرمانیان بۆ دەرکا ..

**بە کورتی ( شیعر لە منداڵانەوە ) لەم چەند شێوازی خوارەوەدا خۆی دەنوێنێ :**

1 -تێگەیاندنی خەڵک بۆ ئەوەی منداڵەکانیان باش پەروەردە بکەن .

2 -پەنا بردن بەر منداڵان بۆ دابینکردنی پاشەڕۆژێکی ڕوناک .

3 -ئامۆژگاری منداڵان بە ڕێگەی شیعری گەورانەوە .

4 -شیعرەکە بۆ ئەوە نەهاتووە منداڵان بیخوێنن یان بکرێ بە سرود بۆیان .

### ٣-نموونەکانی شیعری تایبەت بە منداڵان

شیعری تایبەت بە منداڵان سێ هۆکاری کاریگەری ڕێی ئەفراندنی بۆ خۆش کردووە .

أ- دامەزراندنی قوتابخانە

ب- سرودی قوتابخانەکان

ت- وەرگێڕانی شیعر و چیرۆکی منداڵانی بیانی بۆ زمانی کوردی ..

### أ- دامەزراندنی قوتابخانەو ئەدەبی منداڵانی کورد ..

ئەدەبی منداڵانی کورد دوای دامەزراندنی قوتابخانەی نوێ لە کوردستان بە تایبەتی لە ناوچەی سلێمانیدا لە شیعرەوە سەری هەڵدا ..

ئیدی بۆ دڵ خۆشکردنی قوتابییان و چاندنی گیانی هونەری و تا ڕاددەیەکیش بۆ یادکردنەوەی بۆنەکان و گوزراندنی کات لە قوتابخانەکاندا بەسەر دەستی هەندێ لە مامۆستاکاندا لە ناوچەی سلێمانی سرود پەرەی سەند ، ئەو شیعر و هەڵبەستە ناسکانە کە بۆ سرود دەستیان دەدا مامۆستاکان خۆیان ئاوازیان بۆ دادەنان و بڵاویان دەکردنەوە .

## ب – سرودی قوتابخانەکان

لێرەدا تەنیا نموونەی ئەو سرودانە دەخەینەڕوو کە پاش دامەزراندنی قوتابخانە لە کوردستانی باشووردا هاتنە ئاراوە و زەمینەیەکی بە پیتیان بۆ پەرەسەندنی ئەدەبی نوێی کورد و ئەدەبی منداڵان ئامادەکرد :

**١–پیرەمێرد** ( ١٨٦٧ – ١٩٥١ ) : ئەمە نموونەی ئەو هۆنراوانەی پیرەمێردە کە کراون بە سرود و گۆرانی ..

**أ/** " نەسرین گوڵی نەسرینە

چووزەرەی یاسەمینە

خنجیلە و خوێن شیرینە

دەمی بە پێکـــــەنینە

کەیفی لە هەڵ پەڕینـــە

شـــنە شـــنی ببینـە .. "

( گۆرانی نەسرین )

**ج/** ئەمڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە

جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بە هاتەوە "

( سرودی نەورۆز )

**٢– زێوەر** ( ١٨٧٥ – ١٩٤٨ ) : ئەمە نموونەی ئەو هۆنراوانەی زێوەرەکە کراون بە سرود و گۆرانی و لە قوتابخانەکاندا بڵاوبوونەتەوە :

**أ**- ئەی کوردینە ئەی مەردینە

با دەس لە ناو دەس کەین هەموو

بۆ بەرزیەتی خاکی وەتەن

بۆ یەکێتی بچین هەموو کوردین هەموو " .. تاد .

( سرودی ئەی کوردینە )

٣- **فایەق بێکەس ( ١٩٠٥ – ١٩٤٨ )** : ئەم سرودەی لە قوتابخانەکاندا بڵاوبووبووەوە .

أ / خوایە واتەن ئاوا کەی          چەند دڵگیر و شیرینە

دەشتی خۆش و ڕەنگینە          ئاوی کەوسەرە خاکی گەوهەرە " .. تاد .

( سرودی خوایە وەتەن ئاواکەی )

٤- **دڵدار ( ١٩١٨ – ١٩٤٨ )** : ئەم سرودەی ببوو بە مارسیلیزمی سرودە کوردیەکان ، تا ئەمرۆش هەروایە .

" ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زبان

نایشکێنێ دانەیی تۆپی زەمان " ...... تاد .

( سرودی ئەی رەقیب هەشت بەیتە )

## ج- وەرگێڕانی شیعر و چیرۆکی منداڵانی بیانی بۆ زمانی کوردی

ئەو شیعر و چیرۆکانە کە لە زمانی بیانیەوە وەردەگێردرانە سەر زمانی کوردی و دەکەوتنە ناو پێڕەوەکانی قوتابخانە سەرەتاییەکانەوە ، ئەوانیش رۆلێکی کاریگەرییان لە پەیدابوونی شیعر و چیرۆکی منداڵاندا هەبووە ..

ئاوازی ئەو سرود و گۆرانیانە کە پیرەمێرد لە تورکیا گوێی لێیان بووە و لەسەر ئاواز و ریتمی ئەوان شیعر و سرودی بۆ منداڵانی نووسیوە ، یان ئەو چیرۆکە شیعرە عەرەبیانەی منداڵان کە بەرچاوی کەوتوون کردوونی بە کوردی و هەندێکیان کەوتبوونە ناو بەرنامەکانی قوتابخانەکانەوە هەروەک سرودی ( ئەی تۆپەکەم * فتبۆلەکەم ) کە تا ئەمرۆش لە ناو بەرنامەی قوتابخانە سەرەتاییەکاندا هەیە ، زێوەر وەک خۆی دەڵێ : ( گۆڕین لە قرائەتی عەرەبیەوە ) کردوویەتی بەکوردی : ئەمانەو چەندین نموونەی تریش ..

یان ئەو ئاواتانەی کە شاکر فەتاح بۆمنداڵانی کوردی دەخوازت و دەیویست رۆژێک بێ بتوانێ ئەو چیرۆکانەی کە لە زمانی بیانیدا خوێندبوونیەوە تایبەت بە منداڵان بوون ، بۆ منداڵانی کورد بیانکات بە کوردی ئاواتەکەی لە وەرگێرانی چیرۆکەکانی ( کامیل گەیلانی ) دا هاتنە دی و وەریگێرانە سەر زمانی کوردی .

## شیعری تایبەت بە منداڵان

دوای ئەوەی باسی ئەو قۆناغ و هەنگاوانەمان کرد کە زەمینەی بۆ سەرهەڵدانی شیعری منداڵانی کوردی ئامادەکردبوو ، ئێستا هاتینە سەر ئەوەی بچینە ناو بابەتی مێژووی سەرهەڵدانەکەوە ، تا بزانین لە سەرهەڵدانیەوە تا ئەمڕۆ چۆن رەوتی کردووە . لەبەر ئەوەی مێژووی بڵاوبوونەوەی شیعر و چیرۆکەکان دیار نییە ، ناچار بووین رەوتی مێژووی بەرەو پێشەوە چوونیان لە ناو رەوتی مێژوودا بە ژیانی ئەو رووناکبیر و مامۆستا و شاعیرانە دەست نیشان بکەین کە لەو بوارەدا کاریان کردووە و بەرهەمیان داوە ، ئەوجا ژیانی خۆیان و نموونەی بەرهەمەکانیان بە پێی زنجیرەی رۆژگار زنجیرە بەند دەکەین .

### ١- زێوەر ( ١٨٧٥ – ١٩٤٨ )

زێوەر ناوی عەبدوڵڵای کوڕی موحەمەدە کوڕی مەلا رەسوڵە ، لە ساڵی ( ١٨٧٥ ) دا لە شاری سلێمانی هاتۆتە دونیاوە ، لە ساڵی ( ١٩٠٥ ) دا کراوە بە مامۆستای مەکتەبی ( رشدیەی عسکریە ) لە سلێمانی ، لە دواییدا لە ( اعدادی ملکی ) بە مامۆستا دامەزراوە . نزیکەی ( ٣٠ ) ساڵ ئەرکی مامۆستایەکی کێشاوە ، تا لە ڕێکەوتی ( ١٠ / ١١ / ١٩٤٨ ) دا لا شاری سلێمانی لە تەمەنی ( ٧٣ ) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە ، زێوەر یەکێکە لەو مامۆستایانە کە زوو هەستی بەوە کردووە ، کە سروود بۆ خوێندکاران تاسەی منداڵان بۆ خوێندن دەکاتەوە هانیان دەدات کە بە خۆشی و شادییەوە روو بکەنە قوتابخانە .

کە دی ( هیچ سروودێکیان نییە ، نە لە ئێوارانا ، نە لە بەیانیانا دڵی دێتە خۆش ، ئەڵێ جا بۆچی ئەم سروودەیان بۆ دانەنێم ) .

" وەتـــەنی مـــن کوردستـــانە یادگاری ئەجـــــدادمانە

بەهەشت رووی سەرزەمینە ، خاکی پاکی کوردستانە

بـا هەموومـان وەک بـرابین رەفیقی دین و دنیا بین

بـا لە وەحشەت تەوللا بین نۆبـەتی عیلم و عیرفانە "

زێوەر لە سەرەتای شیعر دانانیدا بۆ سرود لە ئەزموونێکی بە پیزەوە هەنگاوی بەرەو دنیای شیعر و سروودی منداڵان ناوە .. هەرچەند سەنگی کێشە درێژەکانی بەیتەکان و بەکارهێنانی چەندین رستەی قورس بۆ منداڵان وەک : ( با لە وەحدەت تەوەللا بین – صاحبی تەبعی سەلیم – شاهیدی ئەم موددەعایە – سەلاح الدین سوڵتانە) بار قورسییەک لەسەر زار و تاریکییەک ، بۆمەبەستەکان دروست دەکەن ، رەنگە ئەو سروودانەی بۆ منداڵانی هەراش نووسیبنەوە ، نەک بۆقوتابیانی سەرەتایی ، ئەمە کاتێ مافی ئەو حوکمەمان هەیە کە بەیتە شیعرەکان ، بە سەنگ و تەرازووی ئەمڕۆ هەڵسەنگێنین، دەنا بۆ ئەو کاتەی خۆیان گەلێ لەبار و شیاو بوون ..

کە سەیری دەقی ( ئەی کوردینە ) دەکەین و بە گوێ ئاوازەکەی دەبیسین وا دەزانین کەم شیعری وەهامان هەیە ، بە خۆی و ئاوازییەوە بۆ گەورە و بچووکی خەڵکانی ناو کۆمەڵ دەست بدات ، لە هەمان کاتدا نموونەی راستەقینەی ئەو شیعرانەن کە تەواوی مەرجەکانی شیعر و سروودی منداڵانی لە خۆدا کۆکردنەتەوە .

( ئەی کوردینە )

ئەی کوردینە ، ئەی مەردینە

با دەس لە ناو دەسکەین هەموو

بۆ بەرزیەتی خاکی وەتەن

بۆ یەکێتی بچین هەموو

کوردین هەموو

بێکەس نییە دایکی وەتەن

ئێمە فیداکاری ئەوین

تا کورد لە عالەم دەرکەوێ

بۆ یەکێتی بچین هەموو

## فایەق بێکەس ( ١٩٠٥ – ١٩٤٨ )

فایەق بێکەس کوڕی عەبدوڵڵا بەگی کوڕی کاکە حەمەیە . لە ساڵی ( ١٩٠٥ ) لا ئاوایی ( سیتەک ) سەر بە قەزای شارباژێر لە دایک بووە .. لە ژیانیدا چەرمەسەری زۆری دیووە ، لە تەمەنی ( ٤٣ ) ساڵیدا لە ڕێکەوتی

( ١٨ / ١٢ / ١٩٤٨ ) دا کۆچی دوایی کردووە .. پتر لە دە ساڵ مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی بووە ، لەو ماوەدا هەستی بە گرنگی ئەدەبی منداڵان کردووە و شیعر و سرووودی پڕ لە جۆش و خرۆش و راچنینی بۆ قوتابییەکانی داناوە ، ئەو سروودانەی کە دایدەنان بە هۆی مامۆستایانی هاوبیر و ناسیاویەوە ، دوور لە سانسۆری میری دەگەیشتنە هەموو قوتابخانەکان ، بە تایبەتی قوتابخانە دوورە دەستەکان ، سرودەکانی ئەوەندە خۆش ئاواز و مەبەست پێکبوون مامۆستا و قوتابیەکان لەبەریان دەکردن و بەیانیانیش بەر لە چوونە ناو پۆلی خوێندنەوە ، لە حەوشە و بەردەمی قوتابخانەکاندا ، قوتابییەکان لە لایەن مامۆستایانەوە ریز دەکران ، بە کۆمەڵ و بە دەم رۆیشتنی یەک لە دوای یەکەوە سرودەکانیان بە ئاوازەوە دەگوتنەوە ، گەلێ جاریش بۆ حەواندنەوەی هزری ماندووی منداڵەکان و لابردنی وڕسبوونیان لە ناو پۆلەکاندا دەوترانەوە ، بەو وتنەوە هۆشی قوتابیەکان بۆ خوێندن چاخ دەکرایەوە ، هەتا ئێستاش هەروایە ...

فایەق بێکەس لە ماوەی ئەو دە ساڵەی مامۆستایەتیدا نزیکەی نۆزدە شیعر و سرودی بۆ منداڵان دانان .

ئەو شیعر و سروودانە هەناسەدانی حەز و ئارەزووە خنکاوەکان بوون ، بانگی مزگێنی پڕ ئومێد بوون لە ئاسۆی هەڵهاتنی رۆژی نوێووە باهۆزەی ئۆخەی دەیهێنا و دەی گەیاندە ئاواتە خەفەکراو و قەدەغەبووەکان .. هۆشیار کەرەو راپەڕێنەری کوردی خەواڵوو بوون ، لە قوتابخانەکاندا زەنگی وریا بوونەوەو رووناکبیری نەتەوایەتیان بە گوێی خەڵکدا داوە و رای دەچڵەکاندن .

شیعر و سروودەکانی فایق بێکەس هەموویان بەسەر یەکەوە لە گیانێکی پاکی نیشتمان پەروەرانەوە هەڵ دەقوڵان ، مەبەست لە هەمووشیاندا پەروەردەکردن و پێراگەیاندنی نەوەی نوێی دوا رۆژ بوو ، کە ئەمە لە خۆیدا ئەوپەڕی سازدانی بیری نەتەوایەتی و هاتنە ئاراو هاوارکردنە بۆ بەزرکردنەوەی ئاڵای کوردایەتی .

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکیان کورت بڕ نین و بۆ منداڵان درێژدادڕن . بە تایبەتی ئەوانەیان کە ( چیرۆکە شیعر )ن دیارە سروشتی ئەو جۆرە چیرۆکە وای خوازتووە کە لە ناو کورتە هۆنراوەیەکدا بابەتەکە جێی نەبێتەوە ، جگە لە کەمێک لەو سرودانە ئەوانی تریان لە ئاستی تێگەیشتن و توانای منداڵاندان .

مامۆستای سرووود زان دەزانێ چۆن هەڵبژاردەیان لە ناودا بکات ، بە پێی قۆناغەکانی خوێندن سازش و دابەشیان بکات .

سروودەکانی بێکەس ئەوەندە رەسەنن ئارەزووی گەورە کەسانیش وەک دڵی منداڵ بۆ بیستن و وتنیان لێدەدات ، لەگەڵ ئەوەشدا لە دنیای منداڵانەوە هاتوون و بۆ ئەوان دانراون . زۆربەی زۆریشیان پێڕەوی ئەمڕۆی قوتابخانەکانی کوردستانیان پێ رازاوەتەوە و بوون بە وێردی سەرزاری مامۆستایان و نەوەی نوێمان .

## شیعری نەتەوایەتی

لەم بەشەدا بێکەس راستەوخۆ منداڵان خۆیان بە خۆیان دەناسێنێ کە کوردن و خاوەن نیشتمانن کەزێدی باوباپیرانیانەوە دەشێ هەوڵ بدەین رزگاری بکەن . تا بە ئازادی بژین . نیشتمانیان وا لا شیرین دەکات کە لە پێناوی رزگارکردنیدا خۆیان جانفیدا بکەن ، وەک لەم سروودانەیدا دەردەکەوێ :

أ / " خوایە وەتەن ئاواکەی چەند دڵگیر و شیرینە

دەشتی خۆش و ڕەنگینە ئـــــاوی کەوســــەرە

خـــــاکی گەوهـــەرە

پڕ لە گوڵ و نەسرینە ( مورتکەی بازیان ١٩٣٥ )

ب / " ئەی دلێران بێچووە شێران

بەسیە هەڵ سن لە خەو وا بەیانە

بۆ بەرزی قەومی کـــــورد تێکۆشـــــن دەســـت و بـــــرد

چـــاوی لێتانە دایــکی وەتــــــــەن "

## شیعر و سروودی کۆمەڵایەتی

باری کۆمەڵایەتی بابەتێکی سەرەکی شیعر نییە ، بەڵام لەبەر ئەوەی شیعر هۆکارێکی وەهای کاریگەرە و راستەوخۆ لە تەلی سۆز و ویژدان دەدا شاعیر ناچار دەبێ هەندێ جار شیعرەکەی خۆی بۆ ئەو بابەتە تەرخان بکات ..

هەموومان دەزانین تاک و کۆمەڵ لە یەک جیاناکرێنەوە ، تاک لە ناو کۆمەڵدا چاوی دەکرێتەوە ، لە باوەشی گەرمی ئەودا نهێنییەکانی ژیان فێر دەبێ ، کۆمەڵیش لە چەند تاکێک پێک دێت کە خێزانە پایەی سەرەکی خێزانیش دایکە ، دایک منداڵی خۆی بۆیە گەورە دەکات تا ئەویش سبەی لەنگەری کۆمەڵەکەی خۆی بگرێ و کەلێنێکی بۆ پڕ بکاتەوە یان لە کاتی پێویستدا باربووی بکات ، ئەوەش بە ڕێنمایی کردن و فێربوون و هۆشیارکردنەوەی تاکەکان دێتە دی ، لێرەدا ئەدەبی منداڵان بە تایبەتی شیعر و سروود دەشێ دەور ببینن ، دەشێ ئەوە بە گوێیاندا بدرکێنێ کە دایک لە پێناو گەورە بوونیاندا چۆن شەونخونی کێشاوە و لای لایەی پڕ سۆز و ئاوازی بۆ چریوە تا گەورەی کردووە ، دەبێ منداڵانیش ئەوەیان لە یاد نەچێ ، هەروەها شیعر و سروود ئەو کارە دەکەن پێیان رادەگەیەنێ کە چوونە ناو کۆمەڵ رانەوەستن و هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێن ، ئەمەش بەوە دێتە دی کە ئەو ئەندامانەی ناو کۆمەڵ لا ناو خۆیاندا بۆ تێپەڕاندنی کار و فرمانەکانیان و چارەسەری گیر و گرفتەکانیان هەرەوەزی بکەن ، چونکە کۆمەڵ ناتوانێ گرفتەکانی چارەسەر بکات و سەرکەوتن بە دەست بێنێ ئەگەر هەرەوەزی لە نێوان ئەندامەکانیدا نەبێت . لە سروود و شیعرە کۆمەڵایەتیەکانی بێکەسدا – ئەوانەی کە بۆ منداڵانی داناون – بە ئاشکرا چەمکە کۆمەڵایەتییەکە بەو جۆرەی سەرەوە کە وتمان لە ناو شیعرەکانیدا دەخوێنرێتەوە ، پاداشت دانەوەی دایک و – بە مانا نزیکەکەی – هەرەوەزی دوو فاکتەری گرنگن بۆ سەرفرازی تاک و سەرکەوتنی کۆمەڵ .

ئەمانەی خوارەوە نموونەیەکن لە شیعرە کۆمەڵایەتییەکانی بێکەس . ئەوانەی کە بۆ منداڵان دایناون ..

( دایک )

أ / " منداڵێکی ساوا بووم

کەی وەک ئێستاکە وابووم

دایکم بەخێوی کردم

ئەو نەبوایە ئەمردم "

تا دەڵێ :

چاکەی وا لەبەر چاوم

هەتا لە دنیا ماوم

ئەبێ دڵی نەشکێنم

ئارەزووی بە جێ بێنم ( مورتکە ١٩٣٥ )

ب / هەرەوەزی

" کوڕێ بوو ناوی دارا بوو

وریا و زیرەک و دانا بوو

هەرچی کەوتە بەرچاوانی

ئەچووە بنج و بنەوانی

تا دەڵێ :

وتی هەرکاری گرانە

بە هەرەوەزی ئاسانە "

## چیرۆکە شیعر

ئەو جۆرە کورتە چیرۆکانەن کە لە ناو قاڵبی شیعردا دەگێڕدرێنەوە ، لە پێشە وتمان : ئەو جۆرە هونەرە بە روخسار شیعرەو بە ناوەڕۆک چیرۆکە .

شیعرەکەش ئەگەر دەس بدا هەندێ جار دەکرێ سروود و ئاوازی بۆ دابنرێ ، نموونەی ئەو جۆرە هونەرە لای گەلێ لە شاعیرانمان دەست دەکەوێ .

بە تایبەتی لای یەکێکی وەکو زێوەر کە ئەو جۆرە هونەرەی بە چیرۆک ناوبردووە وەک ( سێ هاوڕێ ی چاو برسی ) کە سەرەتاکەی بەم جۆرە دەست پێ دەکات :

" سێ رەفیق بوون برادەرانی گیانی وەیس و ئەلیاس و نالە بۆکانی " تاد

یان کە چیرۆکی هەژارێکی ماندوو دەگێرێتەوە دەڵێ :

" پیاوی بوو زۆر فەقیر بوو سەرەرای فەقیری پیر بوو " تاد

وا دیارە ئەو جۆرە هۆنراوەیە لای زیوەر بۆ منداڵان دانەنراوە . ئەم جۆرە چیرۆکە شعرانە لە زووەوە لە ناو ئەدەبی کۆنی کوردیدا ریشەی داکوتاوە . هزری مرۆڤ بۆ ئەوە دەچێ کە ئەو جۆرە هونەرەی زێوەر کاری کردبێتە سەر بێکەس و ئەوجا ئەو خۆی لەو مەیدانەدا تاقی کردبێتەوە ئەوجا شێوازێکی تایبەت بە خۆی هێنابێتە ئاراوە ، ئەگەر وها بێ ئەو کات بۆمان هەیە بڵێین : چیرۆکە شیعر – بە شێوەی نوێ – لە زێوەرەوە دەستی پێکردووە و لای بێکەس لە ناو ئەدەبی منداڵاندا سەقامگیر بووە ..

ئەوەتانێ لە ناو نۆزدە شیعر و سروودەکەیدا ، چواریان چیرۆکە شیعرن ..

چیرۆکی ناو ( چیرۆکە شیعر ) ڕووداوێ ئان بەسەر هاتێ دەخاتە بەرچاو .

شیعریش دەربڕینی سۆزی دەروون و عەشقە ، وەلێ بەشە شیعریەکەی ( چیرۆکە شیعر ) وا نییە ، بەڵکو تەنیا بە ڕواڵەت هۆنراوەیە ، بۆ گێڕانەوە و ئەزبەر بەکارهاتووە ، ئەو گیانەی کە دەشێ لە شیعردا هەبێ لەودا نییە .

**ئەمانەی خوارەوە بەشێکە لەو چوار چیرۆکە شیعرەی ( بێکەس ) :**

1 - ( تەمەعکاری )

2 -( یەکـیەتـــی )

3 - ( جووتێک کۆتر و بۆقێک )

4 - ( شێر و مار )

## شیعری فێرکردن

ئەم جۆرە شیعرە ، هۆنراوەیە بۆ فێرکردن بەکارهاتووە ، نەک بۆهەست و سۆز بزواندن یان تاودانی ئەندێشە و ویژدان ، بۆ لەبەرکردنە لە یاد نەچوونی مەبەستەکەیە ، هەم جۆرە یارییەکی زینی تیایە و تۆزە حەواندنەوەیەکی پێ دەبەخشێ ، هەمدیسان ئەم جۆرە هۆنراوەیە لای زێوەر و شاعیرانی پێش بێکەس هەیە ، وەلێ لای ئەوان بۆ منداڵان تەرخان نەکراوە .

دەڵێ : " یەک دوو چەند ئاسانە

ڕۆڵە گوێ بگرە و بیزانە

سێ و چوار خۆش و سووکە

کوڕی زیرەک ئێسک سووکە

پێنج و شەش و حەوت بژمێرە

ئازایی خۆت دەرخە لێرە

هەشت و نۆ و دە ڕەوان کە

ئەوسا هەر یاری و سەیران کە "

ئەو شەقڵەی کە هۆنراوەکانی فێرکردنی بێکەس لە ئەوەکانی زێوەر جیا بکاتەوە ، ئەوەیە هۆنراوەکانی بێکەس لەسەر زار سووکن و خۆماڵین ..

گەلێ لە شاعیرەکانی کورد ئەو جۆرە شیعرەیان بۆ فێرکردن بەکارهێناوە ، بەڵام کەمی بۆ فێرکردنی منداڵانە .

## بەختیار زێوەر ( ١٩٠٨ – ١٩٥٢ )

ئەم شاعیرەمان ناوی راستەقینەی ( فایەق ) ە ، کوڕێ شاعیری بە ناوبانگی کورد ( زێوەر ) ئەفەندیە ، لە ساڵی ( ١٩٠٨ ) لە سلێمانی لە دایک بووە ، سەرەتا وەک منداڵانی ئەو سەردەمە لە حوجرە خوێندویەتی ، پاشان چووەتە قوتابخانە و پۆلی شەشەمی سەرەتایی تەواو کردووە و لە بەغدا دەورەیەکی ( برین پێچی ) ئـــاژەڵان ( موزەمیدی بەیتەری ) ی دیوە و چۆتە سەر ئەو ئیشە لە تەمەنی ( ٤٠ ) ساڵیدا کە قوتابخانەی ناوەندی شەوان دەکرێتەوە ، ئەو بە بێ ئەوەی گوێ بداتە تەمەن و ئەرکی ژیان و پلەی کۆمەڵایەتی شاعیرانەی بووە بە قوتابی و لە ساڵی ( ١٩٤٨ ) دا پۆلی سێیەمی ناوەندی تەواو کردووە ، **( تۆپەکەم ) .**

## ( بۆ منداڵان ) سلێمانی ٢٠ / ١١ / ١٩٤١

" ئەی خاکی پاکی نیشتمان

ئەی خاوەنی ناونیشان

ئەی بیشەیی شێری ژیان

وا چاکە بۆ من تاکو مان

قوربانی تۆی کەم جیسم و جان

ئەی نیشتمان . ئەی نیشتمان "

جوانترین هۆنراوەی بەختیار زێوەر کە وەک چەپکە گوڵێکی رەنگین لە سنگی منداڵانی کوردی دابێ ، هۆنراوەی ( بۆ منداڵان ) ە ، هەم سادە و سفت .